# رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7–2000

ژمارە (223) یەکشەممە 25-1- 2009

## پەرلەمانتارانی عێراق داوای ئازادکردنی ئەلزەیدی دەکەن

محەمەد ئەلدلاینی ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ئاشکرای کردووە کە سێیەکی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق داوای ئازادکردنی مونتەزەرزەیدی دەکەن کە لە پێڵاوەکانی لە جۆرج بووش سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا گرتبوو.

محەمەد ئەلدلاینی دەڵێ کە سێیەکی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق کە نوێنەرایەتی گەل دەکەن داواکارییێکیان ئیمزا کردووەو داوایان لە سەرۆکی پەرلەمان کردووە کە مونتەزەر ئەلزەیدی رۆژنامەوان ئازاد بکرێ، ئەمەش وەک وەڵامدانەوە بۆ داخوازیەکانی خەڵک کە بۆی رژابوونە سەر شەقامەکان.

باراک ئۆباما بە ئاراستەی گۆڕان هەنگاو هەڵدەگرێتەوە — ل3

ماڵپەڕە کوردیەکانی تۆڕی ئینتەرنێت چەندە جێی باوەڕن؟! — ل4

ئایا لەسەر کوشتاری غەززە، ئیسرائیل دادگەیی دەکرێ؟! — ل5

یادێک لە تێکۆشەرێکی رێگەی یەکسانی — ل6

نەوەیەکی راستەقینە — ل7

# هەشت لایەنی سیاسی بۆ تاوتوێکردنی رەوشی هەنوکەیی کۆدەبنەوە



بەمەبەستی تاوتوێکردنی رەوشی هەنووکەیی کورددستان و پێشاندانی هاوهەڵوێستی لە ئەگەرو پێشهاتەکانی داهاتوو، کاتژمێری 11ی رۆژی 24-1-2009 لەسەر بانگهێشتنی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، هەشت لایەنی سیاسی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشان لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە، دوای کۆبوونەوەکە راگەیاندراوێکیان بڵاوکردەوە کە ئەمەش دەقەکەیئەتی:

### راگەیاندراوی کۆتایی کۆبوونەوەی هەشت لایەنی کوردستانی

سەرلەبەیانی رۆژی 2009/1/24 لەسەر بانگهێشتی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و لەبارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشان کۆبوونەوەیەکی فراوان لەنێوان چەند حزب و پارتێکی کوردستانی سازدرا. کۆبوونەوەکە بەمەبەستی گفتوگۆکردنء بیرورا گۆرینەوە بوو لەمەر چەند بابەتێکی گرنگ و هەستیار کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت. هەروەک کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کردەوە.

1ـ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نشتیمانی کوردستان لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا و گفتوگۆکردن لەبارەی خۆ ئامادەکردنەکان لەو پرۆسەیەدا.

2ـ پەلەکردن لە پەسەندکردنی دەستورێکی مەدەنی و هاوچەرخ و پێکهێنانی دەستەی نەزاهەو بەدامەزراوەییکردنی دەسەڵاتەکان لەهەرێمی کوردستان.

3ـ رێزگرتن لەسەروەری خاکی هەرێمی کوردستان و ئیدانەکردنی دەستدرێژییەکانی ئێران و تورکیا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکان.

لەکۆتایی کۆبونەوەکەشدا جەخت لەسەر بەردەوامبوونی ئەمجۆرە کۆبوونەوانە کرا.

ـ بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
- حزبی رزگاریی کوردستان
- یەکێتی چەپەکانی کوردستان
- بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان
- پارتی نەتەوەیی کوردستان
. پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
- پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

2009 -1-24

## بنلادن شەڕ رادەگرێ

سەرچاوەکانی هەواڵ لەزاری گروپە ئیسلامیەکانی میسرەوە رایانگەیاندووە کە لەوانەیە ئوسامە بنلادن رێبەری رێکخراوی ئەلقاعیدە لەسەر داوای ژمارەیەک هێزی ئیسلامی بۆ ماوەی چوار مانگ تا نیازی باراک ئۆبامای سەرکۆماری ئەمریکا بەتەواوی ئاشکرا دەبێ، یەکلایەنە شەڕ لەگەڵ ئەمریکاو ئەورووپا رابگرێ و فەرمان بە چەکدارەکانی خۆی بدات تا هێرشەکانی خۆیان بۆ سەر بەرژەوەندەکانی ئەمریکا رابگرن.

شێخ ناجح ئیبراهیم سەرکردەو مونەزیری کۆمەڵی ئیسلامی میسر گوتویەتی" ترسمان هەیە نەوەک چەکدارانی ئەلقاعیدە هێرش بکەنە سەر بەرژەوەندەکانی ئەمریکا. بەتایبەتیش کە ئەبو یەحیا ئەللیبی یەکێک لە سەرکردەکانی ئەلقاعیدە داوای کردووە لە تۆڵەی غەززە بەرژەوەندەکانی رۆژئاوا بکرێتە ئامانج.

سەرچاوەکان دەڵێن کە هەندێک هێزی ئیسلامی پەیامێکیان بۆ ئوسامە بنلان رەوانە کردووە و داوای شەڕ راگرتنیان لێکردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە معەمەر قەزافی سەرکۆماری لیبیا پێشنیاری بە باراک ئۆباما کردووە تا دەرفەتێک بە ئوسامە بنلان بدات بەڵکو واز لە دژایەتیکردنی ئەمریکا بهێنێ، چونکە بەهۆی سیاسەتی بووشەوە، ئەلقاعیدە سەختگیرتر بووە.

## رۆژەڤ

وەک چاوەڕوان دەکرێ، ساڵی 2009 ، ساڵێکی پڕ کێشمەکێش و هەراوهۆریا دەبێ، هەم ئاکامی هەڵبژاردنەکان دروودۆنگی دێنێتە ئاراوە، هەمیش حکومەتی عێراق بۆ پێشاندانی باڵا دەستی خۆی، دەیەوێ سوپا بۆ ئەو ناوچانە رەوانە بکاتەوە کە پێش رووخاندنی بەعس تێیدابوون، ئەمەش لەلایەن کوردستانیانەوە پەسند ناکرێ و بەرپەرچی دەدرێتەوە، ئەگەر لاملی بکرێ، تەنگژەو قەیرانێکی راستین لەنێوان هەرێم و ناوەند دروست دەبێ.

لەلایەکی دیکەشەوە نوری مالکی، سەروەزیرانی عێراق لە دواین سەردانی خۆیدا بۆ شارەکانی باشووری عێراق، جارێکی دیکەش بەیت و باڵۆرەی گۆڕینی دەستووری هێنایەوە گۆڕێ، ئەمەشیان بۆ کوردستانیان هێڵی سوورەو شیمانەی ئەوە ناکری کە پەسند بکرێ. بێگومان کوردستانیان دەزانن کە عێراق بە رێککەوتنی نێوان هێزە سیاسیەکان نۆژەن کراوەتەوە، چەندین جار سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بەهۆی رێککەوتن و پەسند کردنی دەستووری نوێ عێراق نۆژەن کراوەتەوە، ئەگەر دەستوور بگۆڕدرێ، هیچ گەرەنتی بۆ یەکگرتوویی عێراق نامێنێتەوەو کوردستانیانیش ناچار دەبن بەرەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو هەڵبگرنەوە.

وێڕای ئەوەی کە جیهان بەرەو لێبوردەیی هەنگاو دەهاوێژێ و سەردەمی خۆ بەزلزانین و تەکانەیی کۆتا بووە، وێرای ئەوەی کە ئەمریکا هەوڵی کێشانەوەی هێزەکانی خۆی لە عێراق دەدات، سەرباری ناکۆکی و ناتەبایی نێوان هێزە سیاسیەکانی عێراق و ئاشتنەبوونەوەی سوننەو شیعە، کەچی تازە بە تازە حکومەتی عێراق دەیەوێ بەچاو سوورکردنەوەو کۆکردنەوەی هێزو هەوڵدان بۆ گۆڕینی دەستوور، پاشەکشە بە داخوازیەکانی گەلی کوردستان بکات، بۆ پاشەکشەکردن بەو هەڵوێستانەی عێراق، دەبێ کوردستانیان یەکگرتووانە هەڵوێست بنوێنن، پێوانەی وەرد بۆ هەموو ئەگەرو پێشهاتەکان بکەن و لەنێو بژاردەکاندا جێیان بکەنەوە، حکومەتی عێراق لەنێوان دوو بژاردە دا سەرپشک بکەن، یان چەسپاندنی دەستووری دەنگ بۆدراوو جێبەجێکردنی ماددەی 140و بەڕێوەبردنی ریفراندۆم و گێڕانەوەی ناوچە جێناکۆکەکان، یان بە ئاشتیانە ماڵکردن و جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کە ئاوات و ئامانجی لەمێژینەی نەتەوەکەمانە.

## حزبەکەی نوری مالکی دوو لەت دەبێ

دوێنێ شەممە 24-1-2009 سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە ناکۆکی و گرژی لە ریزەکانی حزبی دەعوەی عێراقی بەهۆی لێدوانی ئەندامێکی سەرکردایەتیانەوە دروست بووە.

پاش ئەوەی ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبی دەعوە کە نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی عێراق رێبەرایەتی دەکات ئاشکرای کردبوو کە حزبی دەعوە لە حزبێکی ئیسلامیەوە بۆ حزبێکی عەلمانی دەگۆڕدرێ، گرژی و ئاڵۆزی لە ریزەکانی ئەو حزبە دروست بوو.

سەلاح عەبدولرەزاق بە رۆژنامەیەکی عێراقی گوتبوو کە حزبی دەعوە ئیسلامیەو نوری مالکیش وەک رێبەری حزب کەسێکی ئیسلامە، بەلام لە کاروباری دەوڵەتدا وەک کەسێکی عەلمانی رەفتار دەکات، سامی عەسکەری یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی دەعوە لە رێی ماڵپەڕەکانەوە بەتووندی وەڵامی سەلاح عەبدولرەزاقی داوەتەوەو بێزێری پێکردووەو جەختی کردۆتەوە کە نوری مالکی سەرکردەیەکی و رێبەری حزبێکی ئیسلامیە.

هەندێک لە سەرچاوەکان ئاشکرایان کردووە کە ئێستا ریزەکانی حزبی دەعوە بەرەو لێکترازان دەڕوات، هۆکارەکەشی بۆ رەفتارەکانی نوری مالکی دەگەڕێتەوە کە زۆر کەللەرەق و دیکتاتۆرانە تەواوی دەستەڵاتەکانی لە دەستی خۆیدا کۆکردۆتەوەو رێگە نادات ئەندامانی سەرکردایەتی بە کارو ئەرکەکانی خۆیان هەڵبستن.

## بەغداو ئەنقەرە بۆ دژایەتی PKK رێکدەکەون

هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق لەگەڵ هاوتا تورکیەکەی رایانگەیاند کە هەرسێ دەوڵەتی عێراق، تورکیاو ئەمریکا رێککەوتوون تا مەڵبەندێکی هاوبەش بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر چالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە شاری هەولێر دابمەزرێنن.

لەلایەن خۆیەوە عەلی باباجان وەزیری دەرەوەی تورکیا جەختی کردووە کە گەشەپێدانی پەیوەندی و هاوکاری لەنێوان عێراق و تورکیا پێبەندە بە بەهاوهەنگی دژ بە چالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە پێگەی سەرەکیان لە باکوری عێراق دایە!!!

چاودێران ئەمە بە ترسناک بۆ سەر داهاتووی رەوشی کوردستان لێکدەدەنەوە..




دیاری ساڵی 2009